دیپلۆماسی دوو هێڵی هاوتەریب بۆ نزیکبوونەوە لە کێشەی کەرکوک

د. بورهان أ. یاسین

(۱-۲)

دەستپێک

هیچ کێشەیەک لە مێژووی هاوچەرخی کورددا، هەر نەبێ تا ئەو جێگەیەی کە مەبەست باشووری کوردستانە، بە قەدەر کێشەی کەرکوک چارەنووسساز و گرنگ نەبووە. لە بەرەو ڕووبوونەوەی کورد لەگەڵ دەسەڵاتداران و ڕژێمە یەک لە دوای یەکەکانی بەغدا، جا سروشتی سیاسی و ئایدیۆلۆژی ئەو ڕژێمانە هەر چیەک بووبێت، ئەوا کەرکوک دیسانەوە هەر لە چەق و ناوەندی کێشە و ململانێکاندا بووە. لە هەمان کاتدا کێشەی کەرکوک لە لایەن هێزە ئەقلیمیەکانی پەیوەندیدار بە کێشەی کوردەوە، بە تایبەتی تورکیا، تا کراوە بە کوردستانی و ئیقلیمی بینراوە و کراوە. هەڵبەتە مەبەست لە کوردستانیکردن بەزۆر دەرکردنی ئەو کێشەیەیە لە پانتاییە جوگرافی-سیاسیەکەی کە بە هەر حاڵ ئەو پانتاییە لە ڕووە کوردیەکەیەوە زیاتر باشووری کوردستانە وە هەروەها بەستنەوەی ئەو کێشەیەیە بە ئەگەری سەرهەڵدانی قەوارەیەکی سەربەخۆی کوردستانی (دەوڵەتێکی سەربەخۆ) لەو بەشەی کوردستان، بە واتایەکی تر مەبەستی ئەو هەڵوەستەیەی تورکیا دەرکردنی کێشەی کەرکوک بووە لەو حاڵەتە سیاسیە دیاریکراوەی باشووری کوردستان وە گرێدانی بووە بە کێشە و سیاسەتە کوردیەکان لە کوردستانی مەزن وە زۆر بە تایبەتیش کێشەو حاڵەتە سیاسیەکەی باکووری کوردستان. ئەمەش خۆی لە خۆیدا پارادۆکس (موفارەقە)یەکی زۆر گەورەیە؛ چونکە سروشتیتر ئەوەیە کە کورد خۆی کێشەکانی خۆی بە کوردستانی ببینێ و بە کوردستانیان بکا بەڵام هێزە ئیقلیمیە پەیوەندیدارەکان ڕێگر بن لەو کوردستانیکردنە. بە هەر حاڵ لە ڕۆشنایی بۆچوونی ڕەسمی تورکیەوە، لەو بەکوردستانیکردنەی کێشەی کەرکوکدا، هەر نەبێ دوو شت گرنگن:

١) بە پێی ئەو بۆچوونە ڕەسمیە، هەر کاتێک کورد لە باشووری کوردستان کەرکوکی بەدەستهێنا ئەوا کورد لەو بەشەی کوردستان مەرجێکی گرنگی جیابوونەوە بەدەست دەهێنێ و بە توندی بەرەو سەربەخۆی دەڕوا؛ هەڵبەتە ئەمە زێتر لەو گۆشە بینینەوە کە دەڵێ هێز و توانستی سیاسی لە هێز و توانستی ئابووریدایە وە هەر کاتێکیش ئەوە ڕوویدا، هەڵبەتە لە گۆشەبینینی ئەو سیاسەتە ڕەسمیەی تورکیاوە، ئەوا کاکڵی سەرهەڵدانی کوردستانی مەزن دەستپێدەکات؛

٢) هەروەها ئەو بۆچوونە ئەو پێداگیریە دەکات کە هەر پێشوەچوونێک لە هەر بەشێکی کوردستان بەبێ سێ‌و دوو گرێدراوە، ڕاستەوخۆ یا ناڕاستەوخۆ، بە بەشەکانی تری کوردستانەوە، وە زۆر بە تایبەتیش بە پێشوەچوونی سیاسی لە باکووری کوردستان. هەڵبەتە ئاشکراشە کە گرێیەکی بەستنەوەی تورکیا بە کێشەی کەرکوکەوە، جا چ لە ڕواڵەتەوە بێت یا لە واقعبینیەکی سیاسیەوە مەسەلەی بوونی تورکمانە لە عیراق و کوردستان وە بە تایبەتی لە کەرکوک.

لەگەڵ ئەوەی کە کێشەی کەرکوک پێی ناوەتە قۆناغێکی هەستیار و ڕۆژ دوای ڕۆژیش هاوکات لەگەڵ بەهێزبوونی حکومەتی ناوەندی لە بەغدا وە لە چوارچێوەی پاشگەزبوونەوەی لایەنی عەرەبیدا، کێشەی کەرکوک دەها ئاڵۆزتر دەبێ و ئاسۆی چارەسەرکردنیشی لاوازتر دەبێ. لەم پەیوەستەدا زۆر گرنگە، هەڵبەتە لە بۆچوونێکی کوردستانیەوە، کێشەی کەرکوک بە دابڕاوی نەبینرێ و هەڵنەسەنگێندرێ. گرێدانی کێشەی کەرکوک بە هەموو کێشە و مەسەلە ستراتیژیەکانی تر وە بیرکردنەوە لە داهێنانی هەندێک بیرکردنەوەی نوێ لە چوارچێوەی ستراتیژێکی نوێ کە لەوێدا هەڵسەنگاندنێکی سەرلەنوێ و پێداچوونەوەیەکی تازە لەمەڕ دید بۆ تەواوی کێشەی کورد، بە تایبەتی لە چوارچێوەی ئیقلیمدا خاڵی لێوەدەرچوون بێت. بە مانایەکی تر لەم وتارەی بەردەست کێشەی کەرکوک لە چوارچێوە هەرە فراوانەکەیدا دەبینرێ وە باسیش لە کێشەی کەرکوک، بە پێی ئەم بۆچوونە، بەهانەیە بۆ باسکردن لە سیاسەتەکانی دەسەڵاتی باشووری کوردستان و ئەو دیپلۆماسییەشی کە دەبێتە دەربڕی ئەو سیاسەتانە. واتە مەبەست لەم وتارەدا ئەوە نیە کە لە گۆشەبینینێ دەستوری عیراق و مادەی (١٤٠) و باس و خواسە پەیوەندیدارەکان ڕۆشنایی بخەمە سەر کێشەی کەرکوک.

گریمانە و خاڵی لێوەدەرچوون

ئەو گریمانەیەی کە ئەم وتارەی بەردەست لێیەوە دەردەچێت ئەوەیە کە بەو ڕادە و ئاستەی کە تورکیا کێشەی کەرکوکی بە کوردستانی و ئیقلیمی دیوە و مامەڵەی لەتەکدا کردوە بە ڕادەیەکی زۆر کەمتر لایەنی کوردی لە باشووری کوردستان ئەو گرنگیە شایستەیەی بە لایەنی کوردستانی و ئیقلیمی ئەو کێشەیە داوە. بە مانایەکی تر بەتایبەتی دوای کەوتنی ڕژێمی سەدام و دەستپێکردنی ئەوەی پێیدەبێژن پرۆسەی سیاسی لە عیراق، لایەنی کوردی تەواوی باوەڕی ئەوە بووە کە ئەو کێشەیە لە ڕێگەی بەغداوە، وە بە تایبەتی لە ڕێگەی بەرجەستەکردنی چارەسەر لە ناواخنی دەستوری عیراقی دوای سەدامدا، یا ڕاستەوخۆتر بڵێین لە ڕێگەی مادەی (١٤٠)ەوە، چارەسەر دەکرێ.

لە ڕووی مێتودەوە ئەم وتارە پێ لە بەراوردێکی مێژووی (لە مێژووی هاوچەرخی کورد و سیاسەتە ئیقلیمیەکان) لەگەڵ هەڵسەنگاندنی هەنووکەییانەی کێشەی کەرکوک پێهەڵدەگرێ. مەبەستیش لەم مێتودە ئەوەیە کە لە ڕێگەی بەراوردەوە و نزیکبوونەوەمان لە مێژوو تیشک بخەینە سەر کێشە سیاسیە هەنوکەییەکان (هەڵبەتە لەم حاڵەتەدا کێشەی کەرکوک و ڕەهەندە کوردستانی و ئیقلیمیەکانی ئەو کێشەیە) و لە لایەکی تریشەوە لە تێگەیشتنمان بۆ ڕێگاکانی چارەسەر و دۆزینەوەی ڕێگەچارەی هەرە شیاو. ئەمەش ڕێک یارمەتیدەر دەبێت لە بەرهەمهێنانی گۆشەنیگایەکی تر لە کێشەکە کە جیاوازە لەوەی کە تا ئێستە باڵی بەسەر سیاسەتە کوردیەکان داگرتووە لە باشووری کوردستان.

حاڵەتێک بۆ بەراورد، وانەیەک لە مێژوو

دەکرێ لە خوێندنەوەیەکی بە پەلەی شێوەی خەملاّن و بەڕێچوونی پەیوەندیەکانی حکومەتە ناوەندیەکانی بەغدا لەگەڵ ئێران و کورد لە عیراقی بەر لە کەوتنی سەدام شێوەیەکی پەیوەندیمان بداتە دەستەوە کە لە زۆر لایەنەوە لە پەیوەندیەکانی تورکیا و کورد لە باشووری کوردستان و تورکمانەکانی کوردستان و عیراق دەچێ. لە هەردوو حاڵەتدا سێ لایەنی ململانێ بە چڕی تێکەڵاو بە هاوکێشەی ژیو-سیاسی دەبن و ململانێش باڵی داگرتووە بەسەر پەیوەندیەکاندا. لە هەردوو حاڵەتیشدا هەوڵی چارەسەر هەن وە دوا جار لە هەردوو حاڵەتدا چارەسەریەکان ناکامیلن. بە مانایەکی تر پرسیار ئەوەیە ئایا لایەنە پەیوەندیدارەکان لەو دوو حاڵەتی ململانێیەدا چ جۆرە تێگەیشتنێکیان هەبووە بۆ ململانێکان و چۆن هەڵسوکەوتیان کردوە و دەکەن لە تەک ئەو ململانێیانەدا.

وەکوو ئاشکرایە لە شەستەکان و نیوەی دەیەی هەفتاکان ئێران پشتگیری لە بزاڤی چەکداری کورد لە باشووری کوردستان کرد بە مەبەستی بێهێزکردنی دەوڵەتی عیراق یا بە مەبەستی سەپاندنی مەرجەکانی ئەو وڵاتە بەسەر عیراقدا وە یا بە گشتی پەرەپێدان و بەهێزکردنی هەیمەنەی ئێران لە ناوچەی کەنداو و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا. کاتێکیش کە حزبی بەعس لە عیراق هاتە سەر حوکم (لە ١٩٦٨) ئەو حزبە بە گرنگیەکی زۆرەوە بە دوای دۆزینەوەی مێتودیکدا گەڕا کە ئیتر ئێران لە لایەک وە کورد لە عیراق لە لایەکی ترەوە لە یەکتر دابڕێنێ و بەم شێوەیەش هەم لە حوکمدا مانەوەی خۆی مسۆگەر بکات وە هەم تواناکانی عیراق بە شێوەیەکی چالاکانە بخاتە گەڕ بۆ بەهێزکردنی پێگەی عیراق لە سەر ئاستی ئیقلیمی وە هەم تا بکرێ سنوورێکیش بۆ کاریگەری و هێژەمۆنی ئێران دابنێ. زۆر بە کورتی و زۆر بە چڕی ڕژێمی بەعس (لە ماوەی پێنج ساڵدا ١٩٧٠-١٩٧٥) دوو شێوازی نزیکبوونەوەی لە حاڵەت یا گرێ کوێرەی کوردی-ئێرانیدا بەکارهێنا:

١) جارێکیان لە ڕێگای نزیکبوونەوەی ڕژێم لە بزاڤی چەکداری ئەو کاتەی باشووری کوردستان لە ڕێگەی بەیاننامەی ١١ی ئازاری ١٩٧٠ بە مەبەستی بێبەشکردنی ئێران لە بەکارهێنانی ئەم بزاڤە وەکو کارتی فشار و کەمکردنەوەی ڕۆڵی ئیقلیمی ئێران و مسۆگەرکردنی مانەوەی خۆی لە دەسەڵات؛

٢) جارێکی تریشیان، تەواو بە پێچەوانەی جاری پێشوو، لە ڕێگەی پەیمانی جەزایری ١٩٧٥ پێکهاتن لەگەڵ ئێران و هەرەسهێنان بە بزاڤی چەکداری باشووری کوردستان.

ئەوەی جێگەی جختکردنەوەیە ئەوەیە کە ڕژێمی عیراق لە هەردوو شێوازی نزیکبوونەوەی لە پەیوەندیەکانی ئێران و بزاڤی کورد لە عیراق سەرکەوتوو نەبوو، نە لە حاڵەتی یەکەمیان وە نە لە حاڵەتی دووەمدا. بە مانایەکی تر ئەو دوو شێوازی نزیکبوونەوەیە بە مەبەستی دابڕینی هەردوو کێشە لە یەکتر نەوەک بەیەکەوە چارەسەرکردنیان، نەیتوانی نە کۆتایی بە بزاڤی کورد لە باشووری کوردستان بهێنێ و نەشیتوانی سنوورێک بۆ کاریگەری ئێران لەسەر عیراق و هاوکێشەی ژیوستراتیژی ئیقلیمیدا دابنێت.

جا، وەک بەراورد لەگەڵ پەیوەندیە ئاڵۆزەکانی تورکیا و باشووری کوردستان و تورکمان، بە تایبەتی لە حاڵەتی کێشەی کەرکوکدا، پرسیار ئەوەیە ئایا دەکرێ دەسەڵاتی سیاسی لە باشووری کوردستان بە دابڕینی تورکمان لە عیراق وە بە تایبەت لە کوردستان لە لایەک وە تورکیا لە لایەکی ترەوە لە یەکتر بگاتە ئامانج، کە ئەویش چارەسەری کێشەی کەرکوکە بە گەڕاندنەوەی ئەو شارە بۆ سەر باشووری کوردستان؟

باشووری کوردستان و ئاڵۆزی کێشەکان

پێشوەچوونە سیاسیەکانی عیراقی دوای سەدام و ئەو شێوە «چارەسەرەی» کە لایەنی کوردی هەڵیبژارد بۆ کێشەکان وە لە پێش هەمووشیانەوە کێشەی کەرکوک لە ڕێگەی دەستوری عیراق و تەرتیباتە سیاسیە پەیوەندیدارەکان ئەوەی دەرخست کە سەرکردایەتی سیاسی باشووری کوردستان مێتودی بە ناوخۆییکردنی کێشە و چارەسەریەکانیانی هەڵبژارد. بە مانایەکی تر خواست و قەناعەتی ئەو سەرکردایەتیە ئەوەبوو کە ئیتر بەناوخۆییکردنی کێشەکان باشترین وە کاراترین ئامرازی دابڕینی تورکیایە لە کێشە ناوخۆییەکانی عیراق وە بەم شێوەیەش کەمکردنەوەی ڕۆڵ و کاریگەری ئەو وڵاتەیە لەسەر کێشەکانی عیراق و باشووری کوردستان. لە ڕاستیدا هەر ئەوەش بوو کە ڕەنگدانەوەیەکی توندی دروستکرد لەسەر گوتاری سیاسی و دیپلۆماسی لە باشووری کوردستان کە بەڵێ کێشەی کەرکوک کێشەیەکی ناوخۆییە و لایەنە دەرەکیەکان بە هیچ شێوەیەک بۆیان نیە دەست لە کاروباری ناوخۆی عیراق وەربدەن. لە لایەکی ترەوە، بە تێڕوانینێکی بە پەلە، بۆمان دەردەکەوێ کە ئەم بۆچوونە لە باشترین حاڵەتدا لە دژایەتیەکی جددیدا بووە لەگەڵ کۆمەڵێ ڕاستی کە نەک هەر ناکرێ نەبینرێن بەڵکو دەبێ بە بۆچوونێکی هەرە کراوە و فراوان ببینرێن وە مامەڵەیان لە تەکدا بکرێ. هەندێک لەو ڕاستیە هەرە گرنگانە ئەمانەن:

١) تێگەیشتنێک و جیهانبینیەکی لە مێژینە و بەردەوامی تورکیا ئەوە بووە کە هەر پێشوەچوونێک لە سیاسەت و حاڵەتە کوردیەکان لە هەر وڵاتێکی تر، بە تایبەتی لە عیراق، ئەو وڵاتە (واتە تورکیا) پەیوەندیدار دەکەن، وە هەندێ جاریش ئەو پەیوەندیدارکردنە دەگاتە ئاستە ستراتیژیەکان؛

٢) بوونی فاکتەری تورکمان کە ئەو بوونە ڕاستەوخۆ ڕەهەندێکی ئیقلیمی وەردەگرێت بە ڕێگەی پەیوەندیداربوون و تێکەڵاو بوونی تورکیا بە کێشەی ئەم کەمایەتیەوە؛

٣) بوونی (پکک) لە باشووری کوردستان تورکیای بە توندی پەیوەندیدار کردوە بە هەموو پێشوەچوونەکانی باشووری کوردستان وە دەستی قورسی خۆی خستۆتە سەر پەیوەندیەکانی باشووری کوردستان و عیراق وە هەروەها پەیوەندیەکانی باشووری کوردستان و ئەمریکا؛

٤) بەرژەوەندیە ئابووریەکان (وە لەو ڕێگەیەشەوە بەرژەوەندیە سیاسیەکان)ی تورکیا لە باشووری کوردستان. لەم ڕووەوە شاردراوە نیە کە ئەمڕۆ چالاکیە ئابووریەکانی تورکیا لە باشووری کوردستان باڵادەستن بە بەراورد لەگەڵ چالاکیە ئابووریەکانی وڵاتانی تر؛

٥) لایەنی کوردی حەز بکا و حەز نەکا ئەوا بەغدا بەردەوام دەبێ لە هەوڵەکانیدا بۆ بەهێزکردنی پەیوەندیەکانی لەگەڵ ئەنقەرە. وە لەم بارەیەوە لایەنی عەرەبی لە هەوڵی ئەوەدا دەبێت کە تا بکرێ لە ڕێگەی ئەو پەیوەندیانەی لەگەڵ ئەنقەرە پێگەی سیاسی لایەنی کوردی لە عیراق لاواز بکات؛

٦) زۆربەی کێشەو مەسەلە سیاسیە چارەنووسسازەکانی تورکیا بە توندی باشووری کوردستان پەیوەندیدار دەکەن. مەسەلەیەکی زۆر گرنگ لەم بارەیەوە ئەندامبوون یا نەبوونی تورکیایە لە یەکێتی ئەورووپادایە. وە بە تایبەتیش لە حاڵەتی قەبووڵنەکردنی وەک ئەندام لە یەکێتی ئەورووپادا چ جێگرەوە (ئەلتەرنەتیڤێک) دەکەوێتە بەردەم تورکیا.

ئەم مەسەلانە و زۆر مەسەلەی تری پەیوەندیدار ئەوەمان پێدەڵێن کە نەک هەر هەوڵی بە ناوخۆییکردنی کێشەی کورد لە باشووری کوردستان وە دوورگرتن و پاراستنی لە کاریگەری نێگەتیڤانەی تورکیا کارێکی زۆر قورسە، ئەوا ئەگەر ئەسڵەن بشکرێ. بەڵکو کارکردن بۆ دابڕینێکی ئەوها زۆریش زیان بە کورد دەگەیەنێ، بە ڕادەی یەکەم کورد لە باشوور و باکووری کوردستان، وە بە گشتی زیان بە بیرۆکە و سیاسەتی بە کوردستانیبینین و بە کوردستانیکردنی کێشەکان دەگەیێنێ.

لە ڕاستیدا ئەم ئاڵۆزیە جگە لەوەی کە حاڵەتێکە لە جوگرافیای سیاسی کێشەی کورد لە باشووری کوردستان ڕوانگەیەکیشە کە وەک حاڵەت پرسیارێک دەهێنێتە گۆڕێ؛ ئەویش ئەوەیە کە ئایا لایەنی کوردی، بە تایبەتی کاربەدەستانی باشووری کوردستان، چۆن کار لەگەڵ ئەم ڕاستیە جوگرافیە-سیاسیەدا دەکەن. هەڵبەتە ئەم پرسیارە زۆر ڕەهەندی گرنگ لەخۆ دەگرێ، لە هەموشیان گرنگتر دوو ئاستی هەرە بەرچاون: لە لایەکەوە ئاستی تیۆری سیاسی لە تێگەیشتنی کێشەکان وە لە ئاستی دووەمیشدا پرسیار ئەوەیە ئایا لە ڕووی عەمەلیەوە چەندە دەرگا و مەودا سیاسی و دیپلۆماسیەکان لە بەردەم کورد کراوەن بۆ ئەوەی پڕ بە پێست لەگەڵ ئەو جوگرافیە سیاسیەدا کار و تەفاعولبکات.

بە بڕوای من لە هەردوو ئاستی تیۆری و عەمەلیدا لایەنی کوردی لە ئاست ئەو ڕوانگەی جوگرافیای سیاسییەدا بەردەوام لە دژایەتیەکدا بووە، جارێکیان پەنابردن بۆ بە ئیقلیمیکردنی کێشەکانی بۆ ئەوەی پاڵەپەستۆ بخاتە سەر لایەنی (ناوخۆیی واتە دەسەڵاتی ناوەندی بەغدا) وە جارێکی تریشیان تەواو بە پێچەوانەوە پەنای بردووە بۆ بە ناوخۆییکردنی (بەعیراقیکردنی) کێشەکان بە مەبەستی کەمکردنەوەی فاکتەرە نێگەتیڤە ئیقلیمیەکان لەسەر دۆزی کورد لە عیراق، واتە بە مانایەکی تر دابڕینی ئاستە ئیقلیمی و عیراقیەکە لە یەکتر. بەهەر حاڵ جگە لەوەی لە ساڵانی دواییدا هەندێ ڕێگر و لەمپەڕ هەبوونە، بە تایبەتی بوونی هێزەکانی پکک لە باشووری کوردستان، کە ڕێگر بوونە لە خەملاّندنی پەیوەندیەکی پۆسەتیڤتر سەرکردایەتی سیاسی باشووریش ڕۆڵی سەرەکی هەبووە لە دوای ڕووخانی ڕژێمی سەدامەوە لە بەتوندی بەناوخۆییکردنی دۆزی کورد و کێشە پەیوەندیدارەکانی بە ئومێدی ئەوەی کە بەم شێوەیە کاریگەری نێگەتیڤانەی تورکیا لەسەر کێشەکان کەم بکاتەوە وە دابڕانێک لە نێوان ئەم دوو ئاستەدا فەراهەم بکات.